www.kurdistannet.org
8-5-2003 1:05

# نامەیەکی خێرا بۆ کورد وبەرپرسانی کورد لەمەر عەدنان پاچەچی

محەمەد هەریری

لەو رۆژانە لە عێراق باس باسی دامەزراندنی حکومەتێکی عێراقی ئینتیقالییە، و زۆر باس لە دەستەی سەرۆکایەتی یە پێنج کەسەکە دەکرێت کە دوانیان کوردن.

بەلاّم ئەم چەند رۆژەی ئەو دوایيە بەشێوەیەکی تایبەت باس لە سیاسەتمەداری عێراقی کۆن عەدنان پاچەچی دەکرێت، من لام گرنگ نییە لەو دەستەیە کێ هەڵدەبژێرن بۆ ئەو کارە، پێشم خۆش نییە سەرانی کورد ئەو بەرپرسیاریەتە گەورەیەی هەموو عێراق هەلگرن، چونکە من پێم وانییە کە زۆر سەرکەوتوو بن لەسەر ئاستی ئەوناوچانەی کە حوکمی دەکەن، جا چ جای ئەوەی هەموو عێراق حوکم بکەن. چاکتر وایە هەموو تەرکیز بکرێتە سەر بەشداربوون لە داڕشتنەوەی هەموو موفروداتی سیاسی وقانونی وجوگرافی دەوڵەتی عێراقی ئاییندە، چونکە هەر هەڵەکردنێکی گەورە بە خراپ دەشکێتەوە بەسەر کورد ودۆزەکەی، ئەگەر هاتوو کوردێك سەرۆکایەتی عێراقی گرتە دەست.

لە جیاتی ئەو خەونە پەمەییانە چاکتر وایە باری ماڤی مرۆڤ وسیاسی کوردستان چاك بکەنەوە، وئیدارەکانیان یەك کەن، نەك تا ئەمڕۆش لە میدیاکان بڵێن فلانی سەرۆکی حکومەتی هەولێر، عەلانی سەرۆك حکومەتی سلێمانی!! پێویستە هیچی تر بەناوی حیزب قسە نەکەن، چونکە زۆر جار دەبینین ودەبیستین لە میدیاکان کە پرسیارێك لە بەرپرسێکی کوردی لایەنێك دەکرێت دەڵێت:"بە نسبەت حزبەکەی ئێمەوە. . . " توخوا ئەوە خیتابی کەسانێکە شایەنی لامەرکەزیش بن، چ جای ئەوەی کە باسی فیدرالی بکەن، ویان مرخیان بۆ حوکمکردنی عێراقیش خۆش کردبێت؟!!

ئەرێ ئەوە چی بو خەریکە کێشەی فەلەستین وئیسرائیلیش چارەسەر بکرێت هێشتا کێشەی پارتی ویەکێتی هەرچارەسەر نەبوو؟!

با لەباسەکە زۆر دەرنەچین، دەمەوێت یەك دوو قسە دەربارەی عەدنان پاچەچی بکەم: لەوە دەچێت ئەو پیاوە کە بەدرێژایی ژیانی خۆی بۆ رۆژێکیش ناوی لەناو ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا نەهاتوە، تا ئەو دوایيە نەبێت لەکاتی بەفیرۆ چودا ناویان خستە ناو ناوان، بەلکو هەر لە راژەی شێخ زایدی ئیمارات بوە وەك راوێژکارێك، ئەمرۆ بۆتە پالێوراوی زۆربەی دەوڵەتە عەرەبیەکان کە وەك سەرۆکێك پێشوازی لێدەکرێت، چونکە ئەو پیاوە خاوەن بیرێکی عروبەییە بە ئاشکرا، وپاش موتابەعەکرنی زۆر بۆی لە چاوپێکەوتنەکانیدا زۆر حەریسە لەسەر ئەوەی هیچ نەڵێت، دەربارەی پاشەرۆژی عێراق، وشوێنی کورد لە هاوسەنگەی ئایندەی عێراقدا.

ئەوەی زیاتر نیگەرانی کردم هاوڕێیەکم کە لێکۆڵەرە لە بواری مێژووی کورد وعێراق، بەر لە ماوەیەك چەند بەلگەنامەیەکی دەستکەوت لە ( public record office)دەربارەی عەدنان پاچەچی، لە سەردەمانێ کە نوێنەری عێراق بوە لە نەتەوە یەکگرتوەکان، لەسەردەمی عبدالکریم قاسمدا. من بەخۆم ئەو بەلگە نامانەم نەدیوە، داواشم لەو برادەرە کرد کە بەزوترین کات بلاّوی کاتەوە، هەرچەندە ئەو گوتی بە نیازم بلاّویان کەمەوە بەلاّم تا ئێستا نەمزانیوە ئەو کارەی کردبێت. ئەوەی گرنگە لەو باسە ئەوەیە کە ئەو دۆکیومینتانە نیشانی دەدەن کە هەلۆێستی عەدنان پاچەچی تابلێی شۆفێنی ونێگەتیڤە دەرهەق بە کورد لەو دەزگایە نێودەوڵەتیەدا.

ئەوەش ئەو ئینتیباعانەی کەسانێکی زۆر دەسەلمێنن کەوا لە ژێر پەردەی هێمنی ئەو پیاوە دەبێت چ رەشەبایەکی رق و شۆفینییەت لە دژی کورد هەبێت؟!

دەزانم لە مەودوا عێراق دەوڵەتی تاقە حزبی سەرکردە نابێت، بەڵام لەبەر ئەو برینەی نەرگسیەی (بە تەعبیری فرۆید) عەرەبی عێراق بەتایبەتی عەرەبی سونە، ولەبەر ناکۆکی مەراجیعی شیعەش لەگەڵ ئەمریکا، بە دوری نازانم ئەو عەدنان پاچەچی یە، بە چەند دروشمێکی نەتەوایەتی عەرەبی وموزایەدەی نیشتیمانی، بتوانێت خەلکێکی زۆر لە خۆی کۆبکاتەوە وگەورەترین تەگەرە بۆ دۆزی کورد لە عێراق دروست بکات. بەتایبەتی گەلی عێراق هێشتا ئاشنا نەبوە بە ژیانی دیموکراسی، وئاسەواری ٣٠ ساڵەی بەعسیش بە هەر جۆرێك بێت تێکەڵ بە ئۆقیانوسی لاشعوری خەڵك بوە.

ئەوە هەموو شتێك بوو هیوادارم ئەو برادەرەش ئەو دۆکیومێنتانە بلاوکاتەوە بە زوترین کات، خۆشم هەولیان بۆ دەدەم ئەگەر کات بەسەر نەچوو.

٢٠٠٣-٥-٧

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت